# دوا ئێواره

**ناصح صەوابی**

١٤٢٥ کۆچی – ٢٠٠٤ زاینی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ناوی کتێب: دوا ئێوارە

ناوی نووسەر: ناصح صەوابی

بابەت: شیعر

نۆرەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٠٤

تیراژ:٥٠٠

چاپەمەنی سیما-سلێمانی-شەقامی مەولەوی

ژمارەی سپاردن: (٦٧٠)ی ساڵی ٢٠٠٤



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# دوا ئێواره

## پێشکەش بێت به....

- ئەو کۆچەریانەی لەوڵاتی عەشقێکی حەقیقی دەگەڕێن.
- ئەوکەسانەی ئەلبومی رێگای کۆچێکی بەرز دەخوێننەوەو بەدڵ تێی دەڕوانن



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# رازی گوڵێك

بەیانیەک

گوڵێکم بینی دەگریا

ملوانکەی ئەسرینی فرمێسک

بەگەردنیا هەڵدەپرژا

پرسیارم کرد بۆچی دەگریت..

بۆ پەپوولە؟

یا بۆگوڵێک

هاوجگەری ئەم بەهارە؟

وتی نەخێر تەنهاو تەنها

بۆئەوکەسەی

پێش ئەوەی رازم بخوێنێت

ملم دەدات لەسێدارە

١٩٩٨/٣/٢٦



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## خونچەگوڵ

پەپوولانی غەریبی نێو
دەشتی دڕکاوی بێگانە
وەرن کۆبن
ئێرە گوڵزاری ئازادە
لێرە عیشقە مەجازیەکان
لەگەڵ ئەهریمەن بەربادە
ئەمە کەشتیەکەی نوحە
بۆ لافاوی جەهلی مادە
لێرە پایزیش بەهارە
گشت کاتێکی گوڵو شەونم
قاسپەی کەوی نێو بنارە
ئەمە خوڕەی کانیاوێکەو
سەرابەکان دەشواتەوە
دڵی ڕێبواری ماندووبوو
دەداتەوە
ئەمە کراسی یوسفەو
بەبۆنی دوور
ڕۆشنی بەچاوی یەعقوب



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جارێ دی دەبەخشێتەوە

شەماڵێکەو

گوڵزاری پێ دەشنێتەوە

دەسا.. وەرن

وەرنو ببنە هەڵگری

ئەم پەیامی گڕی مۆمە

نزیک ببن لەدەوری ئەم

شەمعە دڵسۆزو دڵنەرمە

تینی گەرمای هاوینێکەو

دڵنیاش بن پێی ناپروکێن

ئەمە ئاگری جەستەی ئیبراهیمەو

عاشقی خوا ناسووتێنێت

وا ئەم پەیامە خونچەیەو

چاوەڕێیە کە ئێوەی هەنگ

تێر تێر شیلەی رۆحی بمژن

دڵنیاشبن زۆر نزیکە بکرێتەوە

ئێوەش بیدەن لەبەرۆکتان

تا بۆنەکەی

هەموو دونیا بگرێتەوە

١٩٩٨/٣/٢٦



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## خەڵوەتی پیری

وا پیری دەستی لەرزۆکی
گەیاندە گەرووی بێتینم
وا خۆشیو شادی ئەم ژینەی
کردە گریانو ئەسرینم
وا گۆچانی دایە دەستم
بۆ کێوی پیری بڕینم
لەسەر لوتکەی کێوی گەنجیم
گیرۆدەی بەفری زیوینم
لەدوای کڵپەو هەڕەتی زووم
ئێستا ماندووی سەر سەرینم
وا قابز لەدەرگام ئەدات
ئێستاکە میوانی ژینم
کاتێک سارێژ نابێت برین
ڕەنجەڕۆی ژانی برینم
لانەی لەبیرچوون جێگەمە
چاو پڕلە گریەو ئەسرینم

١٩٩٨/٣/٣٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# گوڵ و پەپووله

هەزارەها پەپوولەی جوان

لەپێناوی

بۆنێکی ئەم گوڵزارەدا

وەکو شەونم لەسەر پەڕەی

گوڵێکی ئەم بەهارەدا

مردن‌و سەریان نایەوە

لەئاسمانی تۆزاویدا

باڵیان شکا .. لەشیان شکا

بۆ گەیشتن بەئاواتی چەندین ساڵی

دڵیان شکا

بۆیە هەموو بڕیاریان دا

ئەمان هەمیشە هەر وێڵبن

بەدوای گوڵدا

چەندیان لێ مرد، چەندیان سووتا

عاریان نەنا

یەکێکم بینی بەتەنیا

بڕیاری دا هەر دانیشێ‌و

هەرگیز بۆم گوڵە رانەکا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تاویَ لەم باخچە نوورینە

خەمی دڵی بەبا نەکا

بۆیە بەتەنیا مایەوەو

بۆخۆی فەوتا

منیش دەڵێم:

گوڵو پەپوولە بۆ یەکن

گوڵ لەپەپوولە راناکاو

هەردەم شیلەو شەکراوی خۆی

بۆ پەپوولە والآ دەکا

پەپوولەش عاشقی گوڵەو

هەرگیز بەبیَ ئەو هەڵناکا

١٩٩٨/٤/٦



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## گڤەی مەرگ

لەم ئێوارە وەختینەدا
خۆر ناگاتە ئاوابوون و
ئاسمان وا سوور هەڵگەڕاوە
دەریا شەپۆلی ژەهرینی
پەیتا پەیتا
بۆ کەنارەکان دەنێرێ
لەگەڵ گەیشتنی شەپۆل
کەنار لەرز دایان دەگرێ
گیانی خاکمان گشتی زامە
زامەکانیش
خوێنی حەسرەتیان لێدەتکێ
لەهەر جێیەک دابنیشین
زەلزەلەیە
لەگەڵ هەموو هاوارێکی منالاّندا
هەزارەها دڵی شەمزا
دادەخورپێت
حەزو سەفا دەجنرێت
پۆستاڵەکانی دوژمنیش



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وەکو گەردەلوولێکی شوم

گیانی هەموو نێرگزەجاڕی دەشت دەشێلێ

چارۆکەی تەڵەی ئاسمانیش

سات نا ساتێک دەپێچرێت و

سەدەها هەزار باڵندەی

تێوە دەگلێت

١٩٩٨/٤/١٤



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## چەواشە

هەرکەس بەروکەش‌و بەناو

خۆشەویستیت مەبەستی بوو

هەموو نیازی گوڵی هەستی

بەدەستی بوو

لێی وەرمەگرە

چونکە چەندین بۆنی رەوشت

هەنگ‌و پەپوولە مەستی بوو

چەندین جاریش گوڵی ژاڵەی

بێبۆن‌و تاڵ

هەزارەها پەپوولەی گێل

داردەستی بوو

١٩٩٨/٤/١٤



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## نزای رۆح

موحیبی عەشقت ئەی خودایە منی مەجبورم

میهرەبانیت برژە دەمێکە لەرەحمەت دوورم

خوایە تۆ داڵدەم بدە، با من دەربەدەر نەبم

دەمێکە مەستی بادەی دنیاییم کەوا مەخمورم

رەحمت دارژێژە وەک بارانی وەرزی بەهاری

وەک گوڵێکی سیس چاوەڕوانم ئێستا مەحزورم

چڵە نێرگزێکی بێگیانم بۆ شەماڵی تۆ

لەناو ئەو دەشتە دەشنێمەوە واهەر لەدوورم

رووم لە کەعبەی پیرۆزت ناوە بەجێی ناهێڵم

کە من پاسەوانی ماڵت بم ئەوجا مەسروورم

گەر پیسی نەکەم ئاوی زەمزەم ئەوا دەیچەژم

چیبکەم تینووم، ماندووی کاروانێکی رێگە دوورم

حاڵی خۆم حاڵی بێحاڵانە دە بگە فریام

وەک یوسفێک لەناو غەیابە لەیەعقوب دوورم

کۆڵم قورسەو پەلم شکاوە لەجوڵە کەوتووم

گەر نەبێت سۆزت خودایە من چ کات مەنسورم

١٩٩٨/٤/١٩



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## سێدارە

دەنگی سەفای
سێدارەی گەردنمی منە
دڵ دەخرۆشێ وەکو بولبول
بەهاواری
شمشاڵی حەزینی گەروو
مژدەی بەهار
لەسەر چڵی پەتی خنکاندن دەهێنێ
ئەشکی چاوم ئەبێتە کۆت
مەچەکی دوژمن ئەبەستێ
هەناسەکانم والآیە
داخۆ دەیبڕن!
یان دەبێتە گەردەلوولی
تۆفی مەرگی دوژمنانم
لەغوربەتی ئەم شارەدا
هەستەکانم ماندوو نابن
هەناسەیەک نادەن تاوێ
تا لەباوەشی مەرگێکی ئاسمانیدا
ئەخەوم و
هەورەکان لەخۆم ئەپێچم
هەر ئەگەڕێم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## بۆ هەموو وەرز هەر دەبارێم

۱۹۹۸/٤/۲۱



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## کازیـــــــــــــــــــــــــــــــــوە

کازیوەی شەوقی رووگاهت

هەڵاتو دەدروەشێتەوە

خونچەی باغی بزەی سۆزت

هەردیٚو لەدوور دەشنێتەوە

هەتاوی خۆری رووی تۆیە

شەومان دەکاتە چراخان

هەر عیشقی جەمالی تۆیە

بۆ پەروانەی رۆح شەمعستان

ئاوی کانیی سپی رووی تۆ

بۆ هەناوی خاک پاراوە

بۆمن هۆنراوەو بولبولیش

بەناوی تۆ گۆی پژاوە

گوڵ روویکردە کەعبەت بۆ نوێژ

هەتا توانی چەمایەوە

بەشەونمی زەمزەمی تۆ

لەخۆشیدا گەشایەوە

وتەکانت بۆ شەکەردان

رەنگی گوڵزارت پەرەنگە

پڕە هەگبەی کوڵی تابیع



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## قافڵە بەرەو دوا نزرگە

١٩٩٨/٤/٢٦



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هیجرەت

وەرن هەستن

حەسرەتتان هەموو کۆبکەن

لەم کۆڕەدا بەجێی بێڵن

تاوی وەرن

دەستلەملانی ئەم یادەبین

بۆم هیجرەتە ئامادەبین

کۆڵو باری غەمی مەککە

لەکۆڵ بگرین

بۆ هەوارێ لەم بیابانە

چاو بگێڕین

بۆ رەسولو سدیقی رێ

رەشماڵی قەڵغانی لەشمان

بکەینە غار

لەو تاوسانە

باوەشێنی دڵ بکەینە

هەوارگەی فێنکی دڵیان

هەناسەی سارد

وەکو کانیاوێکی سازگار



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پەڵەی خاکی رۆحیان بدات

بۆم هیجرەتە

گیان سەرقافڵەی لاشەگەلە

زنجیربوونی ئەم کۆڕۆیە

بەسترانەوەی دڵی هەمووان یەک بەیەکە

تا دەگاتە

ردێن سپیو سەرکۆچی کۆچ

ئەم هیجرەتە

مژدەی نوری خۆرێک دێنێت

لەم ویداعە

ئاوێزانی یەسریب دەبێت

ئەم گزنگە تاکە خۆرەو

تەلەعەل بەدرو عەلەینای

ئێمەی دەوێت

١٩٩٨/٤/٢٧



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## بادەی ئارامی

گۆزەی دیدەم واشکاوە، ئەشکی چاوم وا ڕژاوە

بەئاگری نوری تۆوە، دڵەی پەروانەم برژاوە

من خولیای کانیاوی تۆ بووم، دێمە لات بەگشت تواناوە

چونکە تینووم گەرووم وشکە، کارێزی تۆش واپژاوە

دەمێکە من دوورم لەتۆ، بۆیە کلی چاو تۆراوە

لەجێی کێوی طورت ئێستا چاوم بەدونیا رژاوە

زمانم لاڵە ئێستاکە، گوتاری راستی نەماوە

لەوکاتەوە کەقەندێکی شەکەردانت نەچەژراوە

هەرئاوارەم لەرێ دەڕۆم، شەوو رۆژم پاڵ یەک داوە

رێگا دەبڕم لەسەر رێگات، بڕیارێکەو پێت دراوە

کۆشانکۆشمە لەم رێگایە، هەتاکو نەکەومە دواوە

گەرچی کە ماندوو دێمەلات، بەڵام چەندین کێو بڕاوە

شەیدای بادەی کەوسەرت بووم کەوا من ئێستا سەرمەستم

بادەت ئارامییە بۆ رۆح، بۆیە عەقڵی زووم گۆڕاوە

لەوکاتەوە کەمن لێوزم لەسەر کاسەی تۆ داناوە

وەکو بێچوم دەمکراوە، بۆئەو قومەی لێی چۆڕاوە

١٩٩٨/٥/٩



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ژووانی نور

قورئانەکەم، لەم زەمانە

لەم ئەندێشەی گەرووی وشکـو سەرابانە

لەتینی سووتاوی تاسەی

ئەم تاوسانە

بۆگشت دڵێکی بێچارە

ڕەشماڵەکەی خۆتت هەڵداو

خۆت کردە هەوارو لانە

چەپکەگوڵی ئاسمانێک بوویت

بوویتە هەوری سێبەرداری

ئەم بیابانە

خونچەیەک بوویت

لەناخی بەهاری هەموو دەروونێکدا

شکۆفەتکرد

دڵنیاشم

بۆشەوانلای تەنیاییمان

ئاوێزانی ئەستێرەکان

هاومیوانی مانگی شوعلە

دەبیتە نور لەو ئاسمانە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

واڕوومان لەشەوقی تۆنا

چونکە تۆش رووت لەگشتمانە

وەرن هەموو لەدەوری ئەم شەمعستانە

تروسکە بدەین بەرۆحمان

چونکە ژوانگەی دڵی هەموان

شەبوستانە

بەپایزی رێچکەی دەستکرد

شەو ناوەرێت

تەنها خەندەی گڵۆپێکە

سەحەری عیشقو بەیانە

ئەوانەی دوورن لەم دینە

من نازانم کام ئەندێشەی هۆگرییە

عەقڵی کردوونە بتخانە

کەی دڵە ئەو دڵەی کەهیچ

گوڵ داناکاو

خۆیشی ناوناوە ئینجانە

١٩٩٨/٥/١٦



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## وڵاتی غەم

ئەوا جەژن
جەژنانەی خۆی بەخشیەوە
کەچی هیچ زەردەخەنەیەک
لێوەکانی دانەخورپاند
منداڵ چاوەڕێی دڵۆپێک سۆزی دایکە
کەچی هیچ دەستێک بێشکەکەی
بۆ ڕانەژند
ئێستا ئێمە
لەروباری خەفەت دەدەین
هەرچەندە زوو
تۆوی خۆشەویستیمان چاند
کەچی ئێستاش
ئاوی درەختی غەم دەدەین
چونکە ئێستاش دەنگ دێت.. دەنگ دێت
دەنگی دەرگای
دەستی تیمساحەکانە دێت

١٩٩٨/٦/١١



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## منداڵ بووم

منداڵێکی شیرەخۆرەی بێگەناه بوو
بەشەقشەقە کەڕیانکردم
چاویان بەستم
بەبێشکەوە
بردیانمە سەرشانۆیەک
بەرامبەر هەزار چاوی فێڵ
بەناوی فەنی سیحرەوە
لەتیانکردم
منیش لەگەڵ چەپڵەی بینەراندا
مردم

١٩٩٨/٦/١١



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## دوایاد

ئەوساتانەی
من لەبۆچوونی تۆدا کەدەستەمۆبووم
هێندە دەستە وشکەکانم
بەچاومەوە نەدەنووساند
هەر لەئامێزی سەوزایی باخی تۆدا
کەڕادەکشام
ئیدی رووم لەئەستێرە نەبێت
لەهیچ نەبوو
بەڵام نەمدی
رۆژێک ئەستێرەیەکی وێڵ
واز لەکشانی خۆی بێنێو
سەر لەکۆشی مەرگ دەربێنێت
جارجارە سروشت کپدەبوو
بەڵام نەمدەزانی
گوێ بۆ سپەی کام وەرز دەگرێت
ئەو ساتانە
لەگەڵ بەرائەتی منداڵیمدا وێکدەچوون
کەتێیدا من



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گرِوگاڵی خەندەم دەکرد

بەڵام نەمدی

رەورِەوەکەم پەلم بگرێو

رەحمێک بەقاچە بێهێزەکانم بکات

بەڵام دەنگێک

چۆرِاوگەی فرمێسکی ژانمی

هۆنیەوە

دڵی منداڵی بێلانەی

ونبووی منی

دۆزییەوە

منیش جێپێی

ئەو دەنگە بەسۆزەم هەڵگرت

هەتا پێمگرت

١٩٩٨/٧/٦



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## کۆچی دوور

پەپوولەکان بۆ ئەم رۆحە بریندارەم هەڵناگرن

بۆ لەزێدی غەریبستان جێگایەکم بۆناگرن

لەگەڵتان دێم ئاشنایەتیم لەگەڵ ئێوە گەرموگوڕ

بانەسووتێین بەپەرێزی لەم بیابانی تین و گڕە

وەرن دڵم شەقاربکەن بزانن چی لێنووسراوە

بەزمانی حاڵی ناوی کام ئازیزی خۆی هێناوە

وەرن خۆڵەمێشی دڵم بکەن بەسەوزیی بەهارێ

بالەجێی هەتاوی هاوین بەسەر رووتاندا بباریێ

پێویستم بەهامڕازێکەو سەفەری دوورم لەرێیە

سەفەردەکەم تابزانم هاوڕازەکەی من لەکوێیە

شەمعی ئەمشەو کوژاوەیەو زووریش وەک گۆڕێکی چۆڵە

ئەمشەو رۆژ لێم نابێتەوەو نیگای مانگیش وەک سەهۆڵە

هەموو گوڵێک خۆی شاهیدەو شوێنپێی پەپوولەی پێوەیە

خۆزگە گوڵی خۆشەویستیم دەزانی کەلەکوێوەیە

١٩٩٨/٩/٢



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## سومبولی فەسڵی شادی......

ڕۆژ کرێوەیەو
شەونمو دڵۆپی باران
تۆز تۆز لەرووومان دەیبەستێ
وەک گوڵێکو چەندین گوڵی
نێو باخچەیەکی بێبەرژین
هەتاو کۆماندەکاتەوەو
زستانیش لێکمان دادەبڕێ
هەنووکە واین لەژێر رەحمەتی زریانا
ئەویش شەرمان پێدەفرۆشێ
ئەوە تەنها گیانی منە
ئەو سەرمایە لەخۆدەگرێ
من رەوە چۆلەگەیەک نیم
لەناوچەیەکی بیابانا
غەریبێک نیم لەناوتانا
تەنها کلاورۆژنەیەکم
بەهارتان پێدەناسێنم
سونبولی فەسڵی هاوینم
عەرشی سەرما ئەسووتێنم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

من وەرزێکم،

بەزوبانی گوڵ بۆتان دەدوێم

خونچەیەکم

کە کرامەوە بۆبۆن دەشێم

کانیاوێکم تینووی رێگا

زۆرجار دەمم لێتەڕدەکا

سەدانساڵە من بەڕێچوەم

شوێنپێی خۆرنشین هەڵدەگرم

تریفەی مانگ چەپکە دەکەم

تابۆتان ببمە رووناکی

جەرگی زەوی هەڵدەکۆڵم

وێڵی چاوی کانییەکم کەتائێستا

سەوزایی بۆی نەڕوانیبێت

شەیدای نیگای باخچەیەکم

گوڵەکانی

هێشتا شەونمیان نەدیبێت

ئەوا من یدێم

ئەمێستاکە مندجاڵە بێلانکەکان

لەپاش گریان لەباوەشی زرڕدایکێکدا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئۆقرە دەگرن

وامەزانن من نەمدیبێت

کاتێ کەشەو

پرچەکانی مانگ دەنێژێت

بەربەیانیش سپێدەیەکی پەشیمانییەو

لەژووانی هەتاوو کێو

کاڵتر دەدوێت

لەم زەمەنە ژەنگاوییەدا

من دێم هەوری پەیکی عیشقم

بەئاسانی

بەسەرتاندا تێپەڕدەبم

ئالەم بناری کێوەدا

هەموو رۆژێک

من خونچەی حەزتان بۆدەگرم

۱۹۹۸/۹/۲۰



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هەناسەی تەنهایی

لەبیرتدام هۆ هاوڕێکەم

دەستم لەسەر ناوچاوانەو

بۆت دەڕوانم

هەموو شەوێک لەناو پێخەفە شڕەکەم

هەناسەی دووریت هەڵدەمژم

لەوەنەوزی بێئاگاییشدا

خەونە ئەرشیفیەکانی زووم

دەبینمەوە

وا ئەستێرەش

بەدەم جروەی پەمەیی و

لەگەڵ هەلاتنی یەکسەریدا

فریشتەی رۆحیانەتت ماچدەکات

پاشان دەکشێ و

لەپەنجەرەی چاوەکانتا

دەکوژێتەوە

منی تەنیاش

بەدوو دیدەی غەمگینەوە

پەڕەی کفنینم بەدەستەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەووشە مردووەکانمی دەپێچم

تەنیایی....

پاسارییەکلانی خەیاڵم

بەرەو پاساری ماتەمی

دەباتەوە

بەڵام هەیهوو، کەسێک نیە

هاواری من و سپەی تۆ

لەگوێ بگرێت

١٩٩٨/٤/٢٤



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## مەرگ

ئەی هەنگی دڵ

بکەوە دووی غەریبیی گوڵ

لەدەرونیا

ئەوا کۆڕی گریان دەگرێ

چۆڕی شیلە

لەسەر تەختی سنگی دەتکێ

فریایکەوە

نەکا گریان وای لێبکات

لەرەنگی خۆی بێزار بێو

مۆمی رۆژەکانی تەمەن

خامۆش بکات

پەنجەرەی ژیانی داخات

دەواجار سیس بێو

ماڵیاواییش

لەمنو تۆو باخچە بکات

١٩٩٨/١٠/١٤



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## چامەی هەور

هۆ عاشقەکەم ... کەتۆم ناسی

حەزمدەکرد

زووزوو بەوشە بۆت بگریم

حەزمدەکرد

هەموو گیانم پێنووس بێت‌و

هەموو ئاسمان

چامەهەوری بەهاری تۆ

بەڵام ئەوکات نەمدەزانی

کە شیعر بۆکێ دەنووسم

نەمدەتوانی وەک خۆی بگریم

واهەستدەکەم ئەوساتانە

منداڵێک بووم خۆم ژیردەکرد

بەڵام ئێستا نەوەک شیعرێک

بۆ وەسفی تۆ

بەقەد رۆمانێکیش بگریم

شەرم دەمگرێ

چونکە تۆ خۆت دونیایەکیت

زمان تێیدا گۆ ناکات‌و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وشە ناگرێ

چاویش کاتێک تۆ دەبینێ

ناتوانێت تەنها ساتێکیش

لێت غافڵ بێت

یان پێڵوو لێکبنێتەوە

زوو من بۆ عیشقت دەمنووسی

بەڵام ئێستا

عیشقت خۆم دەهۆنێتەوە

١٩٩٨/١١/٢٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## تەمی چلەی مەرگ

بۆ پەپوولەیەک مەڕوانە

کە دەستی بەشەمع ناگاو

لەدووی تۆ دێت

نەفامێکەو

هاکا بە چاوتروکانێک

بۆ دڵی خۆی سووتاندتی

بەفریش گەر هەتاو نەیگاتێ

بۆ چۆڕاوگەی پاسارەکان

دوور دەڕوانێت

فڕینی دڵۆپێک شەونم

خەزانی چلچرای سەحەر

جارێکیتر

خۆری دەروونم کپدەکات

هەتاوی با

پەڵەهەوری ئاسمانەکان رائەماڵێو

گرێکی بێبڕانەوەم تێبەرئەدات

کرێوەی زریانی بەفریش

دەبێتە هەرەسی عەتفم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەودیو دەروازەی شەوەوە

بەفانۆسەکەی دەستمەوە

پەڕەی یاد ڕەشدەکەمەوە

کەچی باران

هێشتا بێدەنگ و خامۆشە

تەمی بەفری چلەی مەرگیش

لەپێخەفی دەریالوشی

وەنەوزی چاوەڕوانیدا

بەئەسپایی

هەناوم ڕەق دەکاتەوە

١٩٩٨/١٢/١٢



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## بەرد

من ئەو بەردەم شۆڕش دەکات

هەروەک پۆلەهەوری ئاسمان

وەک ئەبابیل

بۆئەبرەهەو لەشکری فیل

دڵی دوژمنان دادەگرم

منم دەبمە هەڵچنینی

کۆشکی شادی

دەبمە شورای قودسی پیرۆز

دەبمە کەڵەک بۆ هێلانەی

کۆتری غەمگینی ئازادی

من کاتێک بووم...

لەمنداڵیمەوە هەر بەرد بووم

بەلاّم کاتێک کە گەورەبووم

دایکم ناوی لێنام چیا

منیش هەرلەو ساتەوەبوو

بڕیارم دا

بژیم لەگەڵ گەلەکەمدا

تائەو رۆژەی

دەڵێن لەسەر لوتکەی ژیا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١٩٩٨/١٢/١٣

# مەشخەڵی شادی هەلکرا



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## سەراب

ئای لەم زەمەنی بەرەوئەندێشەچوونە
خەڵکی وا بەرەو سەرابەکان ملدەنێن
قارچکە ژەهراوییەکانیش
جاربەجارێک
لەم دەڤەرە هەڵدەتۆقێن
گیانی نوستووی کێڵگەکانمان
زامداردەکەن
ئەوانە والەم باخچەی گوڵ و زیلانەدا
شیلە دەمژن و ژەهر دەرێژن
هۆگەلی من
دەوەرەنەوە باوەشی سۆز
بگەرێنەوە
خۆ ئەوانە لەدوای ئەوەی
وەکو گۆڕ هەڵتان دەکەنن
جگە خۆشتان
کەسی ترتان تیا نانێژن

١٩٩٩/١/١٤



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## گوڵە بێنازەکان

هەرچی لەدووی شەونم گەڕاین

فرمێسکمان دی

لەناو گڕی

لاشەی سووتاوی خۆماندا

ژاکاین..تاساین

هەتا بووینە قەرەبرووت

بەڵام ئێمە لەئێوارە رۆحانیەکاندا

گەمەی عیشقمان دەستپێکرد

لەکارێزی

تەزیوی گۆنای خۆماندا

هۆن هۆن جۆگەمان بۆیەکدی

کردە دیاری

تابووینەوە ئەم باخچەیەو

گەشاینەوە

تا گەیشتینە کێڵگەکانی مەزاری سۆز

لەوێش بووینە

گوڵاوێکی یەکجار پیرۆز

وامان لێهات فریشتەکان

رۆژی سەدجار



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

١٩٩٩/١/١٤

## لەسنگی خۆیان هەڵدەسووین



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# فرمێسکی دڵ

واشەوگارەو

دڵم داوای گریان دەکات

بەو بەرماڵە چاو دەڕێژێو

بەم فرمێسکە دەستنوێژ دەگرێت

بەسۆزەوە دنیات ئەشکباران دەکات

وەک پەروانەی باڵ پروکاو

بۆ تەهلیلە

کزکز دەوری چرا دەدات

بەو عیشقەوە گیانی خۆی دەکاتە سوتوو

وا تەشریقەو قوربان دەکات

ئەم ئاگرە

کڵپەی نوری دەروونمە

بۆیە دڵ پاساری ئاسا

هەر سەربانەو سەربان دەکات

توخوا عاشقێکی شێتەو

دەلێی مەگرە

بەبەردی ماڵت دەوێرێو

ماچیدەکات

ئەوەش زامە بەسوکانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هەتوان دەكات

١٩٩٩/١/٣٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## خورپەی هەتاو

لەکیڵگەی بێسەروشوێندا

دڵ دەسووتێ

بۆ تروسکەی مۆمی هاوڕێ

ئاسمان بۆ پرچی شینی خۆی

پەچەی تەمی

کردۆتە بەرگی ئەستێرە

هێندە تەنیام

لەبێنازی خۆمدا دەگریم

تۆش دووریت لێم

چاوم ئەستەمە بتبینێت

نازانم کێ

یەکەم نامەی ئەم فرمێسکەم

لەپریاسکەیدا هەڵگرێ

چۆن بتگاتێو

رازی ئەشکـو سۆزی منت

بۆ هەڵرێژێ

هەر چاوەڕێم

کام تیشکی خۆر



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەپڕ رۆژێ
هەتاوێک بەخورپە بێنێ
خۆمو عەسای
کۆڵەکەی ئەژنۆی بێهێزم
سەر لەم چۆڵیە دەرناکەم
لەو نیشانانە تێناگەم
دەخۆت وەرە بەپیرمەوەو
پەلم بگرە

١٩٩٩/٢/٢



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## میوان

ئەمشەو ئازیز

لەجێی حەژمەتی روخسارت

دەست لەملی چرا دەکەم

حەزم لەسووتانی خۆمەو

پێش بینینی

دوو نێرگزی چاوەکانت

گوڵی ئاگرێک بۆن دەکەم

چاوە باڵشکاوەکانم

وا بەرەو لوتکەی شەوگار بوون

کاتێ کەتۆ

دەبیتە خونچەیەکی نوێ

هەنگێکی دوورەرێگامو

دێمو دەبم بەمیوانت

پەروانەی هەڵگری عیشقم

لەدەستدایە

بەڵام تابڵێی هیلاکم

بێزارم لەدەربڕینی

عیشقی نووسراو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

عیشقی مۆرو شینی کاغەز

وشە چیبکات

لەناو کفنێکی سپیدا

دەنگ وا منی خواردۆتەوە

ناتوانم پێتدا هەڵبڵێم

تەنها حاڵی

منێکی دەروێشی تەکیەت

دەردی ماڵی چۆڵی رووخاو

دێنمە کۆشکتتەهلیلە گوڵێکی داوە

لەسەر زارم

بۆیە شێتو دێوانم من

حاڵم حاڵی ئەو عیشقەیە

زیکرم هەر زیکری خودایە

١٩٩٩/٢/٦



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## دوو دەست

مەگری دایە

شەو خەوتووەو لەگەڵ خۆیدا

چاوی منیشی گرتووە

مەگری دایە

ئەزانم ئێچستا نەخەوتوویت

لەژێر لێفەی چاوەکانتا

چرپە لەگەڵ خەونا دەکەیت

فرمێسکی گەرمی حەسرەتت

لەپەنجەرەی خەیاڵتەوە

هەڵدەسوویت و

هەستی لێڵبووی خۆت تەرِدەکەیت

تۆ بەهەورا

هەواڵپرسی لەمن دەکەیت

منیش زریان رائەسپێرم

لەجیاتی خۆم ماچت بکات

توخوا دایە

کەمێک بچۆرە بەر هەتاو

بائەوەندە رەش نەتبینم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەو دەستانەی کەوەختی خۆی

بەپەیکەری لاشەتەوە

بەدرەختی گیانتەوە

جۆلانەی گەردنی من بوون

بیاندەرە دەستی زریان

هەڵیانگرێت بەرەو ئاسمان

بەڵکو دایە

ئەو دەستانە ئەمجارەیان

بۆم ببنەن جۆلانەی نزا

ببنە تکا....

ئیدی مەگری

واهەستدەکەم

فرمێسکت خۆی خنیوەتە

ناو خوێنمەوەو

عەودالی نهێنیەکە

دەمێکە لەدڵم دەپرسێت

توخوا وەڵام...

بەڵام ئەویش جارێکیتر

فرمێسکەکەت دەکاتە هێز



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەیکاتە گوڕ

دەیدات بەدەستو بەقاچم

... ... ...

مەگری دایە

ئەمە دوانامەم بوو نووسیم

بۆئەوەی تۆش

یەکجار لەمن حاڵی ببیت

دایە بەس هەنسک بژمێرە

من وێنە نیم،

لەئەلبومدا دەرناکەوم

من خەون نیم،

لەتەنیاترین شەوتدا

دەستناکەوم

خوێنی گوڵاڵەسوورەش نیم،

چیا نیە تیای بخەوم

دایە توخوا بەخۆڕایی،

بەس ملی جۆگەکان بگرە

چونکە ناگەیت بەدەریای من

من ئێستاکە تۆ دەبینم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڵام تەنها دەستەکانت
بەو دەستانەی تۆ ئەمجارەش
دوو گۆڕی زۆر قوڵم هەڵکەند
یەکێکیانم بەخۆم سوورکرد
هەروا بەسووریش بەجێمهێشت
ئەویتریش
بەسپێتی چوومە ناوی
نەوەک رووی خۆم
دایە رووی تۆشم سپیکرد
ئێستا دایە
چاو لێکبنێو دەبەس بگری
دەزانی لەکوێ ئەمبینی؟!

١٩٩٩/٣/٢٤



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## گەلا

زەوی گوێی خۆی هەڵخستبوو

بۆ تەپەی پێی ئەو گەلایەی

کەسێدارەی پایزی تووش

راوی نابوو

لەخاک تەرەو

لەدار چاوی هەڵکەندرابوو

کاتێ گەلا

رۆچوو لەناو زرێباری

رقی زەوی

دەستی بەپەلکێکەوە گرت

هەرئەو دەستەو بەرینەدا

لەگەڵ سەرماو گەرمای رۆژدا

لەدرەخت جوێنەبوویەوە

بوویە بێچووی ئەو درەختەو

بوویە عابای

سەوزی سەرپشتی ئەو دارە

ئەمجارەیان

لەسەر پشتی درەخت نەگلاو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەروەکو گریانی داوود

لەسەر زەبوور

خوێن و فرمێسکی تێکەڵبوو

ئەتوایەوە

بەرزترین لوتکەی شاخیش

لەگەڵیا بوو بۆتەهلیلەو

چاوەکانی وەک نمەی مۆم

زەویەکی پتەوتریان

بۆدار پێکدەهێنایەوە

١٩٩٩/٢/٢٤



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# فرمێسکی تەنیایی

ئاسمان مەگری
تنۆکەکەت
تەنیاییم بۆدەبارێنێت
رۆحی تکاوی من ببەو
لەگەڵ فرمیچسک
وەک دڵۆپەی
سەقفی دالآنێکی خامۆش
بۆ عیشقبەندی کۆڕی نوێ
بیبارێنەو
ژەنگی پەنجەرەی ئەم ژوورەم
بشۆرەوە
تاکو منیش
هەروەکو عاشقێکی شەو
خۆم بەسەریا شۆڕکەمەوە
هەتا ببینم روخساری
ئەو ئاگرەی
هەمیشە وا لەنێو دڵما
هەڵکراوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەربۆیە دڵ

لەگەڵ هەموو فڕینێکیا

پێیدا دەچزێ

لەبردنی رازەکانی

لەشەوجەژنی زیارەتیشدا

هەموو جارێک

بەراتی جەژنەپیرۆزەو

شکۆفەی خەرمانە ئەگرێ

١٩٩٩/٣/٢٤



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ناڵەی شەو

شەوگار تونەو

دەنگم لەگەڵ

دەنگی ترپەی دڵی دەفـو

رۆحو ئاوازی گریاندا

فرمێسک ئەچنێت

لەناو تەمی گڕی مۆمدا

پڕ بەگەرووی وشکـو چۆڵی

ئەم ئاوازە پڕ گریانە

وشەی بێدەنگ دەڵێمەوە

لەناو فکری رۆحی خۆمدا

لەدەرگای تەکیەیەک ئەدەم

لەگەڵ جەزبەی حاڵی خۆمدا

تادێت دەفرم

بەرەو هەواری ئاشنایی

پڕتاو دەکشێم

سەردەدەم لەکۆڕی شوعلەی

مۆمی کزو

دەکەومەوە گریانێکی بەئەسپایی

١٩٩٩/٤/٩



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## کۆچ و ئەلبوومی رێگا

ئەی حەبیبم
وەرەو تۆزی کۆچی دوورت
بەرووم بسڕە
ماندووی رێگ
ایت
ئەزانم لەدووررڕا هاتوویت
وەرەو لێرە
کۆرپەی نەمامی نێژراوت
پێگەیشتووەو
بەمیوەکەی
بەخێرهاتننت لێدەکات
وەرەو بەبۆنی خۆشت
ئاسمان پڕکە
هەور لەخەوی بێبارانی
راچڵەکێنە
تۆ گوڵدانیت
هەرگیز گوڵ لەیەخەت نابڕێت
وەک چۆن باخچە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەنگەکان بەخەم دەکاتو

دڵی پەپوولە رادەگرێت

تۆ ئاسمانێکیت

ئەستێرەی لایلایەی شەوبێت

خۆریشی گوڕی ژینمانبێت

ئاسمانێکیت

مەلان تیایدا

پڕبە چنگی شادی دەفڕن

پووشی لانەش

لەسەر ئازادی هەڵدەچنن

.. .. ..

دە کۆچەرییە دەرکراوەکە

خاکی بیابانی بەرینی

کۆچکردنت

لەوگەڵ خۆتدا

بێنە بۆ هەوارگەی دڵمان

لەویێ ئاهی گەرمی خۆتو

خاکی تەڕی فرمێسکاوی

لەگەڵ ئاورێک بەرەو کەعبە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جێبهێڵە

لێرەش مندانی هیوا

چاوی داهاتوو هەڵدێنن

مژدەی شەوپۆش لەوێ

زیندانی کەوەکان لەوێ

هەرەسی باریوی لوتکەی ئێرەت بوو

بارانی غەزەبی قەومی لوط

لێرەوە

بۆ بنارە درەخت سووتاوەکان هەژا

لێرەوە شنەبایەک بەئاوازی

طلع البدر علینا

سەما بەدارگوێزەکان دەکات

گوێبیستیانبە

کانیلە چاو روونەکانیش

هەربەڕێوەن...وا پێتدەگەن

.. .. ..

دەڤەرت دەفتەری ئەندێشەبوو

دەستەکانی ئێرەش

لەسەر سنگی بەردەنوێژی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چیاکان‌و

تاشەبەردی بەفری سپی

بوونە بەرماڵی شەوی دەیجورو

سپیبوونەوەی شەوگاری ڕێ

هەرچاولەڕێین دەستمان بگریت

تا پێ لەو ڕێگایانە ببڕین

کە تیای مەنگین‌و

دەمێکە لێیان بێزاربووین

لەئێستاوە ئێمەو ئەوان

بووینە دووکەناری لێک جیا

ئەوان بوونە

دورگەی بابردووی سەردەریا

ئەوان بوونە سێدارەو پەت

بۆ گوڵەکانی یادگاری

ئەوان بوونە گرێکی کوێر

بۆ وێنەکانی یادگاری

تازە ئەوانە گڤەی بان

بۆ سووتاندنی ئاوازی

ناو گەرووی دڵی بێداری



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەندێک وەرین بەو گڤەیە

بۆ ڕەجاڵیی گوڵی هەتیو

هەندێک وەرین بەو گڤەیە

بۆ شکۆفەی بێسەرپۆشی

پەڕە وەریو

.. .. ..

ئەمە ڕۆژی یەکگرتنەوەی

دڵەکانە

ڕۆژی گەڕانەوەی ڕۆحو

چوونە ناو قەفەسی لاشە

هەنووکە لێرە

گڵۆپی سەرجادەکان هەڵکراون

چراکانیشنەرم نەرم جۆشدراون

پەپوولەکانیش هاتوون‌و

کەوتوونە خول

وردە وردە هەموو لەسەر ئاگر تکان

بوونە خۆڵەمێشی دەم با

تا نەسووتان

لەشەوقی چرا نەتۆران



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

.. .. ..

هۆ رەفیقان

کۆچی دوور سۆزی نزیکە

رێگەی دوور هیوای نزیکە

تا مرۆڤیش گەورەتربێت

دەبێت رێگای سەختتر بێت

هەروەکو چۆن ئەی حەبیبم

هیجرەتی تۆ بۆتە ئاسمان

هەرکە دەڕوانم بۆ سیمای

گەواڵە هەوری بچوکـو

خاڵی سپیی ئەستێرەییم

لێدەنیشێت

هەرکە شەپۆلی هەتاوت

لەگەڵ خۆی تێکەڵم دەکات

بەئاڵو والآی رەنگیەوە

دەبمە پردی

پەلکەزێڕینەی نەوبەهار

ئازیزەکەم

گەر رێی کۆچت درکـو داڵ بوو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەبوو ببمە نەرمەگیایەک

ڕێگات شینکەم

یا ببمە پوشی لانەی ئەو

باڵندەیەی

تەمتومانی کردە دیاری

بۆئەو شەمشەمەکوێرانەی

خوتخوتەی ئەشکەوتیان دەدا

گەر لێوی ڕێگات وشکبوو

دەبوو بچمە

سەر لێوی تەنکی کانیەک

وێنەی مانگەشەوی تیا بکێشم

بەڵام پێشئەوەی من بچم

دەبوو بڕۆم

گوڵێک لەئاودا بڕوێنم

قەت نەخنکێت

تا ژوانێکی هەوارگەتم

پێ ببڕێت

گەر ئەستێرەش کوژایەوە

من مۆمێک بم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

یاداشتەکانت بخوێنمەوە

گەر شەو کپ بوو و دەنگی نەما

من پەپوولەکان هانبدەم

لەشەوقی تۆ کۆببنەوە

نەک ئەمشەویش

کزۆڵ کزۆڵ چاوم بگری و

لەشەومانگی ئاوابووندا

ببنە خەرمانەی ئازارو

بەیادتەوە بتلێنەوە

١٩٩٩/٥/١٢



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هاناو سووتان

گەر تریفە خەندەی مانگ بێت
ئەوا هاژە
دەنگی قاقای کانیو چەمە
گەر ئاونگ گوڵی نەدیبێت
ئەوا دنیا بۆ شەونمان
هەزارەها کوڵی غەمە
کە دارستان وێرانەبێت
زەڕنەقوتەش
هۆگری داروديوارو
باوەشێکی ساردی تەمە
بۆیە ئێستاش
ماڵی روخاوی پەپوولە
هەر وێرانەو
شەونمی گوڵی پەپوولە
هەر ئەسرینە
کڵپەی گڕیش
تاکە قاقاو پێکەنینە
ئەویش واهەر بۆسەردانی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەرێوەیە

گەرچی باوەشی رووناکی

هەر بێبەزەیی دەسووتێو

پێکەنینو خۆگرتنی

بۆ پەپوولە

زۆر ئەستەمە

١٩٩٩/٥/٣١



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## شەوگار

ئای لەشەوگار

لەچریسکەی گلێنەی ئەستێرەکانیا

هەر جمەی دێت

بەئەسپایی

بەسەر مەزرای رۆحەکاندا

هێمن دەکشێت

عاشقەکان ئۆخەی دەکەن

گوڵە گەنمە زەردباوەکان

بارگەیان دەپێچنەوەو

بەدروێنەیەک

دەبنە خەرمانی خۆشەویستی

کاتێک کەئەستێرە دەکشێت

شەوگار بۆنی خەوی لێدێت

شەو دەخوێنێت

بەڵام کوڵان کپ و بێدەنگ

جیلوەی کانیاوە سازەکان

بەدەم چریسکەی مانگەوە

دەبنە تەقینی تاشەبەرد



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ رژانی رێژنەی تاڤگەئاوێکی دی

بەفری دەروونە بەستووەکان دەتوێتەوە

شەو ئەستێرە پەخشدەکات

ئەستێرەبووکیش خۆی دەنوێنێت

فەرهەنگی زمانی کپی شەو

دەبێتە شنەی ئاوازی

سەما پەڕەنگەکەی ئاسمان

کەئاسمانیش پێدەکەنێت

پەلکەزێڕینەی خەیاڵ دێو

وشە یەخەی خامە دەگرێت

بەنازەبایەک بەحەژمەت

ئارەقەی روخسارەکانی

بەر کۆڕی کڕنووش دەسڕێت

ئیدی پێدەشت هەر گوڵستان

دەشتی دەروون هەر نەرمەگیا

شەوگار دەڵێت

من زۆرترین مەدالیای شەرەفم

لەشیعر بەبەرۆکدا کراوە

چونکە من دایکم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دایکی جوانیی هەموو زەوی

.. .. ..

شەوگار کە دەتریقێتەوە
خەوم دەزڕێو
دەبمە ڕۆحیانەتی شیعرێک
کە کپیش بوو
من خەونی پێوە دەبینم
کە ئاسمانیش بووە ئیلهام
شەو چامەیەکی درێژەو
لەوشەبەندی ئەستێرە
نووسراوە
قەسیدەیەک
کەس نازانێت
دەسپێکەکەی لەکوێوەیەو
لەکوێشدا کۆتایی پێدێت

١٩٩٩/٦/٧



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## فرمێسکە بەتینەکان

کەم خۆشی لەهەڵپرواندنی
پەڕەی گوڵەکان ببینە
نەبادا خونچەکان بێنە جۆش و
بڕیار بدەن نەکرێنەوە
چونکە ئیدی
هەنگەکانیش لێت خۆشنابن
دەست مەخە سەر ئەو زامانەی
کە زووتر کولاونەتەوە
بۆنی ئەو گوڵانەش مەکە
کەمردوون و لەسێدارەخانەکاندا
لەلەشیان کراونەتەوە
دەنا لەچلەی ماتەمیاندا
لەپیچشانگای چاوەکانتا
تابلۆیەکیان بۆ هەڵواسە
نەبا ئاسمان
سۆزی دایکێتی بجوڵێ و
رقی پیرۆز دابارێنێت
یارەشەبایەکی ناوەخت



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نەمامەکان بخنکێنیٚو

کانیەک چاوی تەڕببێت

چونکە فرمێسک

لەچاوی کانی جاریبیٚ

پەل دەهاویٚ

چەپۆکیشی بەگوڕترە

لەهێزی هەموو لافاویٚ

١٩٩٩/٨/٣٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## غەم

غەمبارم

غەمبار بەتونێلە ژەنگاویەکانی

شارو لادێی

ئەم هەناسە شەکەتوغەریبەم

غەمێکی هێند قورس

کەبۆنی رۆمانێکی حەزینی

لێهەڵدەقوڵێت

غەریبەکان...

وەرن بمناسنەوە

بۆنی خۆتان لەبەرۆکم بکەنەوە

ئێوە نیشتمانێکی پڕ ئاڵتونن

من شاخێکم

رۆحم کانیاوی شیعری لێدەتکێت

سنگم دارستانی داربەڕووەکانەو

بەنوکـو خوێنی رەگیان

دیوانەکانی ئەم بێهودەییە

دەنووسنەوە

من کۆچەر نیم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڵکو باڵندەکانیش

بۆلام کۆچ دەکەن

رێبوارەکان

جارجار دەمێک بۆکانیاوم دەبەن

دە پرچە زێڕینەکەی هەناو زەرد

بئاڵێ لەچاوەکانم

بەبێئەوەی کوێریان بکەیت

تۆ عیشقێکت لێ نابارێت

کەمن سەما بۆ دڵۆپەکانی دەکەم

تۆ رووی سپی خۆتم بۆهەڵدەرەوە

تاکو منیش پێنووسەکەم

بخەمە نێو پەنجەی لێوەکانتەوە

وتەکانت بنووسمەوە

غەریبەکان...ئەمجارەشیان کۆبنەوە

حوزنی ئەم کەڤاڵە سامناکانە

لەقژی درەختە رووتەوەبووەکان هەڵسوون

شەمعە بچوکەکان بکەنە

تەدارەکی

سەفەری شەوێکی گەورە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەورە لەتاریکییا

گەورە لەبێ سۆزییا

سۆزێک هێندەی سۆزی ئەو دڵە بچوکانەی

لەتاشەبەردو چیا گەورەترن

لەشەوە پڕ سامەکانی ناو

باوەشی تەم بێدەنگترن

ئەی شەوی غەم دامپۆشەوە

تۆ هێمنترین ئاوازیت

تۆ کەرنەڤاڵی خەونە رووناکەکانی

ناو دڵی تاریکاییت

هۆ شەمە سووتاوەکەی

بەر پەنجەرەی ئەم چرایە

تۆ نوور لەباڵتەوە ئەتکێ

هەنگوین لەزارتەوە ئەڕژێ

وەرەوە...

وەرەوە ئەم ئاوە تاڵانە

بەزارە نەخۆشەکانمان ئاشتکەرەوە

ئەم رووناکیانە خەبەرکەرەوە

رووباری غەمی درێژم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هەموو شارەکانی تەنیایی دەگەڕێت

هەروەک ریشە سپیەکەی

ئەم مەملەکەتە ساردو سڕە

لە لوتکەوە لەدایکدەبێو

بەبەرۆکی مێژووی چیادا دادەگەڕێت

بۆسەر فەرشە سەوزەکانو

سەرینی بەردەبازەکان

بۆنێو قەفەسی کەوەکانو

فلوتی

بولبولە بەگریان مەستەکان

١٩٩٩/١٠/١٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## غەم

دەمەوێت غەم بدوێنم

زمانی شیعرم ناپژێت

کێ دەڵێت چاوەکانم

تاقگەی ئەشکیان لێنارژێت

ئەی پەروانەی فیراقم

دێمە سایەی حزورت

هیچ ماندوو نابێت گیانم

لەبڕینی سنورت

با بەرەوڕووم هەڵدەکات

غەم دەبارێنێت هەورێ

هەردی رۆحم بەسەوزی

گیانی دەسپێرێو دەمرێ

شەو دێت بۆ پرسەی دڵم

گۆرانیەک دارێژێ

بەتریفەی شەومانگی

غەمەکانم بنێژێ

کەچی هەرجارە گوڵێ

بەخەندە خۆی داپۆشێ

ژەهری تەمەن تیاچوونی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## کەناری ئاسودەیی

بەرێکەوون
شەپۆلێک بن
لەروخساری دەریای ژیندا
بۆ کەناری ئاسودەیی
لەگەڵ شەماڵ رێگا ببڕن
چرا هەڵکەن
ناخی شەوەزەنگی جیهان
لەتلەت بکەن
بەرێچکەوون
ئێوەن غەمخۆری نیشتمان
ئێوە ئاوایی وڵاتن
لابەن دڕکی ئازارو ژان
وەرن ئێوە
پەیامی سۆزی هەتاون
سێبەری هەورو سەوزایین
چیای سەرکەشی رسکاون
دەی زوو بڕۆن
بەفر بۆنی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جێپێکانی ئێوەی لێدێ

باڵای ڕێگا ژێرپێ بخەن

بگەنەجێ

ببنە سپێدەی ئاوات‌و بشنێنەوە

هێور هێور

مۆمی کزی شەوی دەیجور

بتوێننەوە

بەدەستی ئاوەدانیتان

نەمامی درەختی هیوا

بڕوێننەوە

١٠/٢/٢٠٠٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ئەلبومێکی دڕاو

چ رۆرژێکە
تەم شەوی لێ باراندووە
چ شەوێکە
لەجیاتی خۆر هەڵاتووە
چ ئاوازێکی غەمگینە
فوودەکات بەشاخەکانتاو
سەمفۆنیای مەرگ ئەژەنێت
دەست دەنێتە گەرووی درەخت
رەگەکانی هەڵدەگوشێت
رووبارەکان وشکدەکات
هەور بلاوەپێدەکاو
زەوی لەتینوا دەخنکێت
ئەمە وێنەیەکی شکاوە
نە ئەلبومێکی دڕاوەو
مێژوو لێرا لێی کەوتووە
یا ئاساری
چاویلکەی باپیرانمانەو
لەم ولاتە بەجێماوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوا پەنجەرەی چاوەکانی منیش

هەپرون بەهەپرون بوون

ئێسکـو پروسکی هەناسەم

سپی سپی .. کلو کلو

دادەبارنە بەرپێمو

پەیکەرێک بۆ ئەهریمەن دائەتاشن

چ حوزنێکە ئەم قەتارە

چ غەمێکە ئەم هاوارە

هاوارێکی بێژمارە

بەڵام بێوەڵام

دەنگی دەرگاکانی شاریش

بێهۆش کەوتوون

بەدەنگی ساعیقەی ستەم

هەموو کەڕبوون

تریفەکان لەسەر رێداو

لەژێر پێدا دەتلێنەوە

ئەستێرەکان

غەرغەرەی دواهەناسەی مەرگیانە

باڵندە لەجێی چریکە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەژێر لاشەی درەختەکان

دەنوزێنن

تەرمی گەڵا

پۆل پۆل بەرەوخوار کۆچدەکەن

هێلانەکان دەڕوخێنن

ئەمە شانۆی بوکەڵەی منداڵانە

ئەمە فرمێسکی مەرگە ژیانە

جۆگەلە سەرەونگومەکان

چۆڕ چۆڕ بەدوای دەریادا دەگەڕێن

خوێنیان بۆتە قوربانیی

جەژنی بەردو زیخەکان

هەردەگرین و

گیانێکی سەرخۆشی بێگوناهن

لاشەیەکی نەنێژراوو

ئەشکەوتێکی ترسناکی

مارو مێروو ئەژدەهاکن

ئەمانە هەموویان وێنەن

وێنەی ئەلبومی هەڵەبجەن

٢٠٠٠/٣/٣



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## چرای عیشقی ئەبەدی

هەڵاتنی چرای شەوم نەفەسی صوبحی ئەوینە

گوڕی عیشقم قەمەرێکە وەک بەدری شەوقی نورینە

چاوم قەقنەسی گریانەو بەحری گەرووم پڕلە ناڵە

دڵم مەیخانەی تاوانەو دەروونی رەشم زووخاڵە

هاوار چاوم شەپۆل ئەداو مرواریی رەش بەیان دەکات

بەقەد زۆریی ئاوی دەریاو نرخی سەدەف گریان ئەکات

پڕلە گریەو بەئاهەوە سەرکزم بۆ ساتێک لیقا

بۆ گوڵی ژاکاوی نەفسم بوومە پەروانەی خۆش لیقا

شەیدایەکی چرای عیشقم پەپوولەم بۆ هەڵاڵە دێم

لەگوڵزاری پڕلە عیشوەی باغی شەو بۆ گوڵاڵە دێم

وەک دەروێشێک بەم شەوگارە بەرەو بەیتت پێهەڵدەگرم

بەحاڵی زیکرو تەهلیلە بۆتۆ دەسووتێم گڕ دەگرم

٢٢/٣/٢٠٠٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## نهۆمەکانی باڵای تەلارێکی لەرزۆك

کێوی لاشەم

چەند نهۆمێکی لەرزۆکەو

قاچەکانم هەڵم ناگرن

هەرچەند رۆحم

لەسەرچاوەی زوخاوی دڵ

هۆن هۆن فرمێسک

بۆناو جۆگەی خوێنم دەبات

چاویشم لەناو کلینێکسی پەڕەیەکدا

کۆمەڵێم پۆستەری فرمێسکی

پێشکەشکرد بەدەستەکانم

زۆرجار چیا

بەناو ئەشکەوتی ناخی چیادا

ئەیلوراند

منیش توانیم لەناو کپیی دڵی خۆمدا

حەشاریدەم

کەچی ئێستاش

قەلەڕەشی دەنووک پڕ حەسرەت

گیانمی کردۆتە هێلانەی کلۆربوون



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەناو زنجیرەچیادا پەروازم کرد

هەنووکەش دوور لەڕەوشتی سروشت

جێنزرگەم بیابانێکە

... ... ...

دەریا هەرگیز لێم تێناگات

کەناری سینەم چەندە تەختو بەرینە

کەچی ئەو هەموو کات

شەڕی شەپۆلەکانی لەیەخەم دەئاڵێنێت

وافێربووەو

هەرگیز ناشگاتە دوندی من

لەناکاوێ زرنگەی دەنگێک

دەنگی خرۆشانی هەستێک

لەرۆحمەوە

دڵۆپەی سۆزی شیعر دەکات

بەڵام دەریا

لەبەر هوشەو تورەیی خۆی

نایانبیستێت

پەپوولەکانی سێڵاوی غەم

لەبانگی سوبحی تەمەنما



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

نوێژی مەغریبم فێردەکەن

واخەریکە پەنجەرەکانی باڵاشم

بەرگەی هوروژمیان ناگرن

...    ...    ...

مناڵێکی ساویلکە بووم

بۆ روویەکی جوان خەڵەتام

پیرێکی بێ تەجرەبەش بووم

بەهەزار عەیبی خۆم تێکەوتم

ئەلبوومەکەم،

وێنەکانم شاهیدمن

...    ...    ...

غەمم زۆربوون

شیعر لەبیری بردمەوە

پێنووس تەڕایی لێبڕین

ئاوازێکی رەق گوێیەکانمی

بەتاوێرەبەردی ناڵە پڕکردەوە

چاوم لەبنی بیرێکدا بەجێماون

سەداکان لێڵ و شێواون

سووتوی یادگاریەکانم رفێنراون



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

...     ...     ...

گوڵێکی تازە هاتە دونیای زستانەوە

هێندەی نەبرد

سەرما قژی رووتانەوە

چونکە لەبیری دێت کەگوڵ

رۆژێک لەبەهار یاخیبوو

...     ...     ...

هۆ رێبوارینە

مەڕۆن منیش لەدووتانم

منیش وەک ئێوە رێبوارم

بەڵام ئێوە لەئاوەدانی دەگەڕێن

من لەشیوی غەم دەگەڕێم

من وافێربووم

من سوکناییم هەربە غەم دێت

منو غەم

بەڕەشێتیو بەسپێتی

سەرمان بۆیەکتر دۆزیوە

کاتێک زستان

ئەو دەمانەی باران پێی دەنا لەسەرمان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

غەم لەژێر چەتری مندا بوو

منیش لەژێر هەوری غەما

پشتم هەموو

جێ لێدانی قامچی غەم بوو

کاتێک کە من غەمم ناسی

ئەو دەمێک بوو کەدەیناسیم

ئەویش کە منی ناسیبوو

من پێشتر زۆر ئەوم دیبوو

بەڵام هەر ئەوەندەی مابوو

یەکێک بێت و بەیەکترمان بناسێنێت

... ... ...

سەردەمێک بوو

دڵم وەک منداڵ دەگریا

شێتێک هات ژیریکاتوە

بەڵام سووتابەر پریشکی

میکرۆبی فرمێسکم کەوت و

تووشی تاعونی گریان بوو

ئەویش بووە

دەروێشی حاڵی گریانم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چرا هێندە گریا سووتا

گوڵ لەعەیشی بەهاری هەڕەتیا

هیوای لەناو

بوخچەی شکۆفەدا سووتا

دەریاو ئاسمان

باوەشی گرِیان چوو بەیەکداو سووتان

جیهان سەراپا سووتا

هەتا گەردوون

لەبۆنی سووتاندا خنکا

٢٠٠٠/٣/٢٧



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هەنگاوی روون

ئێمە هەنگاومان
بۆ قولایی رووناکییه
بۆ ئاواتی بێدارانی ئەم ژیانه
ئەم کاروانه
لەسەر رێگەی چالاکییه
بێن و هەڵبێن لەتاریکی
لەزەلکاوی خۆپەرووەری
دەست لەملی رووناکی خۆر
بگرن رێگای پڕ سەرووەری
بۆ چقلی رێگا سام مەکەن
لەپایانی زنجیره چیای هەنگاوتان
خۆری ژینی نوێ ماچ بکەن

٦/٤/٢٠٠٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هەنگاوێك بۆ رووناكی

لەو ساتەوەی

كە شەو ناوی لێنلارا رۆژ

ئیدی شەوگار

پێی نایە یەكەم رۆژی بوونیەوە

پەردەیەک لەتارمایی رەق

چادرێكی

بەسەر هزری رۆژدا هەڵدا

لەورۆژەوە

هەناسەیەک نەما بۆ خۆر

پێناسەیەک نەما بۆ ژیان

تروسكاییەک نەما بۆ پەپوولە

گوڵێک نەما

بۆ ئاشنابوون بەجوانیەكان

.... نەماو نەماو نەما

پێدەشتێكی تەریک

لەخەونێكی یەكجار قوڵدا

قژەكانی خۆی رنیەوە

زیخی كەنار



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پەڕینە ناو چاوی کانیو

ئەویش گریا

جۆگەیەک نەمابوو

فرمێسکەکانی کۆبکاتەوە

تا بەدیاری

بۆ سەرچاوەی بباتەوە

٢٠/٤/٢٠٠٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## یادەوەری

شەوێکی خۆش

ئەی یادگارییە دڵگیرەکە

بۆ گۆمی گوێی تۆزلێنیشتووم

ئاوازەکانی تافی زوو بڵێرەوە

لەوێشەوە

بەرەو سەرەتای ناسینەکان

بۆ بێناویی هەریەکەمان

لەلای یەکتر

هاورێ، ئەمشەو

لەنێو چاوەکانی ئەستێرەوە

یادگارییە حەزینەکان

رەش داگەڕان

دەوەرە ئەی شەومانگ، وەرەو

چەپکێک تریفەم بۆ بێنە

با چرای ئەم یادەی پێ هەڵبکەم

یادی تۆفانی خۆشنودیی باران

بۆ پڕبوونەوەی درزەکانی

لێوی وشکو شەقاری دڵم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

با منیش ببمە چادرێک‌و

لەبەر سایەقەی تۆدا

بەپێنووسێکی زۆربڵێ

گڕی چرا خۆشکەمەوە

یادگارییەکان

وەک پەروانە تێم بئاڵێن

تا لەئامێزێکی رۆحانیا

لەسەوزایی باخچەیەکدا

وەک خونچەیەک

لەسەر دەستی چڵی دارێک

بتبینمەوە

٢٠٠٠/٤/٢٣



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## زیز

من گوڵێکی لێکرلاوەم

لەقولآیی هەناومەوە

پەڕەی هیوام هەڵوەریوە

بەدەم ئاهی جێماومەوە

نامەی عەشقم پڕ ئازارو

سۆزێکی ناڵەئامێزە

لەدێڕی هۆنراوەی شەوما

ئیلهامێکی زۆر پەرێزە

بۆ چرپەت شەوی بێداریم

دڵم تەکیەی دێوانەیە

لەئاسمانی پەیڤی دڵما

شەوم دوور لەئەستێرەیە

رۆحم تەنراوی تەنیایی‌و

دڕکـو داڵ‌و قەیدو داوە

سەدام هەستی پەپوولەیەو

بەگڕ لەدووری سووتاوە

رۆحم عاشقێکی بێ ئۆقرەو

سەرهەڵگرتووی لانەی چۆڵە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەبیاباندا دوور لەیاران

غەمی تەنیاییم لەکوڵە

هەرچەند کاتێ کە تەنیا بووم

لەگەڵ تەنیاییدا ئەدوام

بەڵام ئێستا تەنیاترم

تەنیاییش نایەتەوەلام

هەروەک ئاسمانێکی چۆڵم

شەو بێ تریفەی روونو جوان

سەر دەنێمە سەر سنگی غەم

فلوتێکم لەمەرگـو ژان

٢٩/٥/٢٠٠٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## رووخساری نوور

وا دەڕۆمو

غەریبێکم بەبێ لانە

وەکو خۆرێک

بۆ ئێوارەی ماڵئاوایی

کۆڵی قورسم دەپێچمەوە

روولەتۆ دێم غەریبانە

بەئاواتی رۆژێکی نوێ

بۆ ئاشنابوون بەسیمای تۆ

لێرەو لەوێ

چەند هەنگاوێک

لەبەرپێی خۆم دەنێمەوە

دەمەو بەیان

لەژێر خێمەی شەوگار هەڵدێم

دیسان لەگەڵ رۆژێکی تر

دەکەومە رێو

خەو بەروخساری نورینی

تۆی ئەزیزم دەبینمەوە

٢٠٠٠/٧/١٥



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## خۆری ئەویـــــن

دەنگی هاژەت چرپەیەکە
بەهێمنی ئەمدوێنێ
رۆحیشت لەژێر رەشماڵی
تاقگەی خۆتارامدەژەنێ
دە بەسیە بۆ رۆژێک گریان
چاوەکانی پێکدا نووسان
لێوەکانی کردە کانگای
شۆرینەوەی خەندەکانی
ئێستاو جاران
ئەمە رۆژێکەو بۆگریان نەهاتووە
ئەمە خۆرێکەو بۆ خەندە
هەڵاتووە
لەم رۆژەدا
پێکەنینێک سەد گریانەو
گریانێکیش
نرخی ئەو فرمێسکەی نییە
کە دەیرێژین
دەبات هەموو



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەژێر هەوری رەشی گریان

چەتری قاقامان هەڵبکەین

بۆئەوەی ئەوین بێتە ژێر باڵمانەوە

تا هەمووومان یەک رۆ بژین

کەئەو رۆژە

خۆری تێدا ئاوا نابێت

وەرن با رێگایەک بگرین

چەندێک هەنگاو زیاتر بنێین

زیاتر ئاشنابین بەئەوین

٢٠٠٠/٨/٥



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## تویْشووی عاشق

غەریبیێکم لەکوڵانی غەریبی گوزەر دەکەم
بەبیٚ تۆ لەرێبواریێکی ماندووی دەربەدەر دەکەم
تویْشووم هەر خۆشەویستیتەو بۆتە زادو هاودەمم
بەبیٚ تۆ من لانەوازم سەراپا غەرقی غەمم
رۆحی بیمارم بیابانەو چاوەرێی کانیاویێکە
کەمیێک بزەی خۆتم پیێبەو رووی میهرەبانیم تیێکە
وا لەدەوری نوری روخسار بوومە پەروانەی سووتاو
شەپۆل ئەدەم سەرکەشانە وەک رووباریێکی خنکاو
ئەی حەبیبم ببە مانگ‌و شەوقی نیگای تابانت
با لەگەل ئەستیێرەی رۆحی نورتیێزاوی یارانت
ئاسمان پرکەن چاوان تیێرکەن لابچیێت تارمایی تەم
با بمرم بەدەم روانینم بۆئەو ئاسمانە بیێخەم
با بەلیێزمەی رۆندکی چاو خامۆشیی خۆم داپۆشم
تا لەژووری چۆلی گۆڕیش سەودای عەشقت بیێت هۆشم

٢٠/٨/٢٠٠٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# خەیاڵێکی نەمر

لەگوێسوانەی خەیاڵمدا
شەبەنگێکی خۆشنگین هات
گەشتی جوانیو فڕین بردمی
ئەستێرەکان
لەگەڵمدا بوونە هاوژووان
ڕێژنەهەورێک بوونە میوان
بەڵام دەنگی تەقەی ڕاوچی
ویستی وابوو سەرم ببڕێ
وێنەی تەرمی چاوەکانم
بۆ یادگاری جێبهێڵێو
خۆیشی بەباڵی من بفڕێ
کەچی هەرلەو ڕۆژەوە بوو
تیشکی چاوم بوو بەهەتاو
ڕۆحم پەپوولە کردیانە
مەعبەدی عیشق
پڕلە گوڵاو،
خوێنم بوو بەتاڤگەی هیوا
دڵیشم سیمبولی بڕوا

٢٠٠٠/١٠/١٨



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ژووری شاعیر

پێنووسێکی

زۆرماندوو لەدەربڕین و

کاغەزێکی

پڕلە پەیڤی وەنەوشەیی

باسە لەعیشق

عیشقێک ژوورو

ژووری دڵی پڕکردووە

کاتژمێرێک

رۆحە سووتاوەکانی پەروانە

دەژمێرێت و

پەروانەش چک چک گیان دەدەن

هانای خۆشەویستیی رۆحێک

بۆ ژوور دەبەن

لەوێشەوە

فامی پیرۆز دەبارێنن

تا ژوور پڕکەن

پۆلێک کۆتر

لەسەر گومەزی سنگەوە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆ لوتکەی چیا دەڕوانن

پۆلێک بولبولی دەنگخۆشیش

لەچیاوە بۆناو مزگەوت

کڕنووش دەبەن

دەستە سنەوبەرێک

کۆڕی عەشق نوێدەکەنەوە

تا تیشکی لوتکەی منارە

بەگلێنەی چاو بەنەوە

۲۰۰۰/۱۰/۱۸



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## دوائێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــواره

دوا جێگاپێی سرِی کۆچێک

هێڵی ئاوابوون دەکێشێت

دوا مەنزڵی ئەستێرەیەک

فیراقی پەلکەگیای هیواو

فرِینی

دواپۆلی چرکەکانی رۆژ

بۆ گەرمیانو بۆ کوێستانی

وڵاتێکی پانو پۆرِی

زۆر سنووردار

تەپۆڵکەی مەرگ سەروخواری

هاڵاوی گەرمی شەرِەتیر

ئەملاو ئەولای

باخێکی سووتاوی کزۆڵ

تەنها ئاسمانی لێدیاره

ئاسمان تەڵخو

بیر لەئەرزدا چەقیوه

جێپێکانم بزربووه

لانکەی رۆحم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کۆرپەی گریان رائەژەنێت

هۆ لایلایە، هۆ لایلایە

سەفەر ئەڕواو

شەوو رۆژ دێت

ئەو هەر دەگریو خەوی نایە

هەنگاو نەڕوات

رێگا هەرگیز رێی پێنادات

لای بوەستێت

هەنگاو نەڕوات

هەرگیز ئێوارە دانایەت

ئێوارەش ماڵی هەژارە

تاریکی کۆشکی غەریبە

تاریکی خانوی رێبوارە

سێبەر پێی لەسەر ماڵئاوایی داناوە

دە ماڵئاوا دەوائێوارەو

دواتیشکی وەنەوشەیی خۆر

دوا جریوەی باڵداری سەوز

دوا هەناسەی بەهاری نسێ

دوا تەقەڵی هەڵتەقاوی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێڵاوەکانی هەژارێک

لەبەر چرای ئەم کۆچەدا

دوورییەک دەبینمەوە

لەوەسیەتی هەورێکی کۆچکردوودا

لاپەڕەیەک گرمەگرمو

چیرۆکی هەورەبروسکە

ئەخوێنمەوە

لەکڵپەی ئاگرا

رۆح ئەبینم

لەگێڕانەوەی یادگاری تێرنابم

ناشتوانم بگەڕێمەوە

بۆ شوێنی سەرەتایی خۆم

دوا ئێوارەو

دوا خۆرەتاو پرووشە ئەکات

دەستم لەگەڵ دەستی بایەو

هەستم لەگەڵ

چیا لۆکەکانی هەورە

چاوم لەگەڵ ئاسمانی شین

رۆحیشم لەپێشمەوەیە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوا ئێوارەت لەلا ئەکەم

دوا ماڵئاواییت لێئەکەم

کۆچی روباری درێژەو

خوا دەیزانێت نیازی کوێیە

بەرەو دوائاوایی دێمو

دەستی نامۆیی خۆم پێیە

فلوتی با

بەپەنجەکانی سەرچڵی

دوا درەخت

ئاوازی غوربەت ئەژەنێو

ناوی ئەنێت

((دوا ئێوارەی ماڵئاوایی))

٢٠١٠/٤/١٤



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هەناسەی سەفەر

وادەی سەفەرمە هاورێیان

دەروونم ماندووی ئێرەیە

بەئاوازی گڕی سووتان

سیمای هەناسەم باڵ ئەگرێ

لەغەریبیەک ئەگەڕێم

ڕۆحم داکات

تا لەوەیشوومەدا نەمرێ

باڵداری ئەم دڵە ساردەم

لەهێلانەی ئارامیدا

ئۆقرە بگرێ

هۆ هاورێیان .. حەزینم من

سەفەر جەستەم بێزار ناکات

فریشتەی نازم بێلانەو

ئەهریمەن بوونم لەت ناکات

حەزینم من

دڵ هەورێکی ڕەشپۆشی مات

گریانی دێ

یادگاریەکانم ئەژمێرم



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تاگفتوگۆی ئەو شەوانەم

لەگەڵ ئەستێرەدا نەمرێ

دەبا ئیتر

وشەکانی ئەم گۆرانیەم باڵ بگرێ

وادەی سەفەرمە هاوڕێیان

پرۆشەی شەو

چرای ئاواتی داپۆشیم

بۆیە بەدەم

هەناسەی ئەم رێگایەوە

بۆخۆم ئەگریم

٢٥/٥/٢٠١٠



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## خەم و ژیـــــــــــــــــــان

کاتێ بەردێک

چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە

چیا لەوپەڕی بەرزیدا

بیری تەمەنی منداڵی دەکاتەوە

چونکە چیا

بەهەرچی بوونەوەرێکەوە

کەتیچیدایە

لەگەورەبووندا دەبزوێ

خەمی بەرد تابڵێی بچوکە

خەمی چیا زۆر گەورەیە

یادگاریی بەرد پێکەنین و گاڵتەو گەپە

بەڵام بۆ گەورەتر لەو

گریانە

ژیان تێکرا

گەورەبوون و زیادکردنە

لەدایکبوون

لەپاش ئەو تەمەن نەمانە

... ... ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەر نێرگزێک

بەدەم باوە سەما بکات

ئەوا داربەڕوو لەگەڵ توندەبا

توقە ئەکات

هەریەکەشیان

بەشی خۆی بەرگری ئەکات

چونکە ئازار

دروستکەری بەرگری یە

تەمەنیش تێکرِا هەڵکشان

تاپیری یە

بەڵام پیربوونی ئازارو

خەمو هیوا

هەربۆیە پیرترین چیا

زۆرترین یادگاریی هەیە

لەتەمەنیا

٢٠٠١/١١/٢٧



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## باخچە جوانترین جێگایە

باخچە جوانترین جێگای زەمینە

باخچە قەشەنگترین ژینگەی دونیایە

باخچە ئارامترین کۆمەڵگایە

مرۆڤ وێرانیو رقو جەنگی هێنا

باخچەش گوڵو درەختو

گیای ناسک

دەبا باخچەمان خۆشبوێت

چونکە کەسێک تێیدا جێی نابێتەوە

گەر رقی لەگوڵ بێت

بەڵام دەبێتە باخەوان

گەر دڵنەرم بێت

کۆمەڵگای مرۆڤ جەنجاڵە

تێیدا جێی رەش یان سپی دەبێتەوە

جێی نێر یان مێ دەبێتەوە

جێی گەل یان دەسەڵاتدار دەبێتەوە

لەجەنگەڵستانی مرۆڤدا

یان شێرو شەڕ

جێیان دەبێتەوە،

یان ئاسکو ئاشتی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەباخچەدا هەزاران جۆر

هەزاران رەنگ، گوڵی قەشەنگ

دەست لەملی یەک دەکەن و

لەگەڵ بادا بەیەکەوە شنە دەکەن

بەشەودا بەیەکەوە چاولێکدەنێن و

بەیەکسانی ئاوای باران دەخۆنەوە

لەباخچەدا

گوڵەکان بەزمانی خۆیان بانگدەکەن

چونکە باخچە دڵنەرمە

چونکە گوڵ بێفیزە

گوڵ پرسیار لەدەستەکان ناکات

دەستێکی باشە یان خراپ

دەستی منداڵە یان گەورە

ئەوەتا هەرکەس دەستی بداتێ

بەدەستیەوە دێت

گوڵ بەرامە بەهەموو لایەک دەدات

گوڵ قەشەنگی بەهەموو چاوێک دەبەخشێت

چونکە گوڵ فێری لێبوردن بووە

لەباخەوانەوە

چونکە گوڵ وەفای هەیە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بۆخاک

## کەواتە باخچە جوانترین ژینگەیە

٢٠٠٢/٦/٦



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## ئاسمانی دوای باڵندەکان

ئەمە لەئاسمانی جاران ناچێت
نەبەیانیان
فێنکەبایەک دەنێرێت
بەسەر هەناسی گوڵەکاندا
نە خۆر دەوێرێت بەهەورەکان بڵێت
تکایە هەربۆ ساتێک ڕێگام بدەن
بامنیش کەمێک لەسروشت بڕوانم
چونکە بەڵێنم پێداون
کە ڕۆژانە سەردانیانکەم
نە دەمەو خۆرنشین تابلۆیەکی پرتەقاڵی دەبینین
کە مەل تێی ئاڵاوە
ئێستا گێژەڵوکەیەک
هەموو بەیانیو ئێواران
وەک جەلادێک
بەکۆڵانەکانی ئاسماندا چاوسووردەکاتەوەو
دەگەڕێت
باڵندە سەردەبڕێتو
هێلانەکانیان



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەکەلاوە وێرانەکانی ویژدانی دەسپێرێت

ئاسمانی دوای باڵندەکان

گەمەی ئێوارانی بیرچۆتەوە

کە بەریشۆڵەکانی دەوت:

ئێوە کەی لەکۆچ بێزاردەبن

ئەوانیش بەزەردەخەنەوە دەیانوت

کاتێ گوڵاڵەسوورە لەدڵی بەفردا دەڕوێت

ئێستا ئاسمان لەنیوەڕۆ گەرمەکاندا

تا چاو بڕکات بیابانەو، هەوریش سەراب

ئیدی باڵندەکان

خۆیان لەگەڵ فڕینی شەو رادەهێنن

لەوکاتەوەی ئاگادارییەک بەباراندا هەڵواسرا

کە نووسرابوو،

نابێت هیچ باڵندەیەک گەرمیان و کوێستان بکات

بەپێی یاسای جەنگەڵستان، مادەی خیانەت

هیچ باڵندەیەک بۆی نیە دەنگ هەڵبڕێت

هەتا داڵەکان خەویان نەزڕێت

٢٠٠٣/٣/٧



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## شۆڕشێك وەڵام

ئەی بای شەوان

ئەمشەو قینت لەکێ هەڵگرتووە؟

دەنگی لوورەت

بەزمانی حاڵ دەڵێت:

بۆهەموو باڵندەیەکی

بەشەو متبووی ناو هێلانە

دەستی درەخت بۆ دەشکێنیت؟

کەبەپەنجەی هیچ گەڵایەک

شایەتومانی

بۆ ستەمکار نەهێناوە

... ... ...

ئەی بای شەوان

گەر ئەمشەو بوویتە سێدارە

حەیفە هێمنی هەڵبژێریت

چونکە ئەو زاری تاوانی

نەگرتووە

گەر دەنگت لایلایەی خەوێکی قورسە،

ئەوا روو مەکەرە ئێرە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کە شەو نیە

لەخەونماندا سڵاوی فریشتەکان

نەسەنینەوە

...    ...    ...

ئەی بای شەوان

دەست بکەرەوە لەیەخەی

ئەو پیرەدارەی

بەهارێکە

ژیان بەبەر رۆحدا دەکات

پایزێکە

گەڵای هەرەس دەچنێتەوە

زستانێکە

بەرەنگاری لەرزین دەکات

...

ئێستا درەخت

تەنها خۆی و پەلک و گەڵا نیە

شۆڕشێک باڵندەی هەیە

هەر چڵێکی

هێلانەیەک هیوای تیایە



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەڵکو گوێبگرە ئەی بای شەو

ئێستا هەموو دارێک لێرە

بوونەتە پاڵپشتێک بۆئەو

٢٠٠٤/٧/١٥



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## گەڕان بەشوێن هیچ

بەشوێن تۆدا گەڕام
هەروەکو چۆلەکەیەک
بەدوای پوش بەپوشدا
بۆ هێلانەی
کاتێک دۆزیمیتەوە
وەک ئاوێنەیەک
حەزدەکەم هەمیشە سەیرت بکەم
بۆئەوەی خۆمت تیا دەبینم
هەرچەند بیر لەرق دەکەمەوە
خۆشم دەوێیت
تاریکیی ئەم دابڕانە سامناک بوو
هەروەک یەکەمین تاریکداهاتنی
یەکەمین شەوی گەردوون
کاتێک جێم هێشتی بۆ زیخەکانی بیابان
بیرم دەکردیت
وەک بیرکردنەوەم لەئاو
شۆڕشێک دەستپێکرد لەپرس
کە وەک شەپۆلی با



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەسەر گوڵو گیاکاندا هێرش دەبەن

بەڵام ببورە کە رەشەبا

گوێی لەلوورەی هەناسەی گوڵ نیە

ببورە کە جوانیی گمەکانی کۆترێک

نەیتوانی پێناسەی مەبەستی بێت

ببورە کە سەرکەشی شاخێک

نەیتوانی پێناسەی نهێنی

ئەشکەوتی بێت

بەڵام ئەوەی گرنگ نیە

دووری نێوان زەویو ئاسمانە

دووری نێوان ئەویو ئێرەیە

ئەوەی کە بایەخی هەیە

بزەگرتنی پێش شەرمێکو

قاقایەکی

دوای پێکگەیشتنێکی عاشقانەیە

٢٠٠٤/٨/٣١



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com